# لەنێوان شەیتانەکانی ئێرە و فریشتەکانی نیشتیماندا

**د. رەوشت رەشید**
**نەمسا / ڤیەننا**



رۆژی 26-9-2006 دوای گەرانەوەم لە دەوام لە نەخۆشخانەی گشتی ڤیەننا AKH- بەشی دەروونی, بۆ ئێوارەکەی بە پیاسە چووم بۆ یەکێك لە پارکە جوانەکانی ئەو شارەی کە پێیدەڵێن بووکی ئەوروپا. لەرێگای گەرانەوم بینیم پۆلیس لە دەوروبەری یاریگای تۆپی پیٚ(ستادیۆم) بلاٚوبۆتەوەو بە جل وبەرگی تایبەت لە ئامادەباشی دایەو گەمارۆی ئەو ناوەی داوە. زۆرم لەلا سەیر بوو, چونکە یەکەم جار بوو لە نەمسا حاڵەتێکی وەها ببینم,ئێمەی کوردیش بەهۆی ئەو هەموو ستەم و سوکایەتیەی کە بە جلوبەرگی پۆلیس و عەسکەری لەلایەن رژێمە تۆتالیتارەکانی پێشو لێمانکراوە,لە سایکۆلۆژیاماندا جۆرێك لە ترس و دوودڵیمان بەرامبەر بە پۆلیس و عەسکەر هەیە, هەربۆیەش تووشی جۆرێك لە نائارامی بووم و کەوتمە گومان ودڵەراوکیٚ.

لەیەکێك لە وێستگەکانی ترام(پاسی کارەبایی) وەستام وچاوەرێی پاسەکەم کرد, بەلاٚم لەهەمان کاتیشدا بەدیقەتەوە سەیری وەزعەکەم دەکرد وحەزمدەکرد بزانم دەگات بەچی. بینیم دەستە دەستە کورو کچی گەنج دێن ودروشم وسروود دەڵێنەوەو هاواردەکەن وشوشەو بوتڵی بیرەو کۆلا و ڤۆدکا ئەدەن بەعەرزاو, جارجارەش هۆیها بۆ یەکتریو بۆ پۆلیس دەکەن و, بەیەك ریتم بەچەپڵە ئەم شەوە پردەکەن لە فەوزا. لای خۆم گوتم بەخوا وەزع شرەو لەوە دوچیٚ خۆپیشاندانێکی گەورەی سیاسی لەئارادابێت, بەتایبەت کە چوار رۆژی دی هەڵبژاردنی سیاسی لە سەرانسەری نەمسا بەرێوەدەچیٚ, ئیدی گەیشتمە قەناعەت کە ئەم فەوزایە یەکێکە لە خۆپیشاندانەکان لەپێناو کۆمۆڵێك داوای سیاسی .

لەخۆمم پرسی تۆبڵێی ئەم گەنجانە لەچیان کەم بێت و داواکاری سیاسی زیاتری چیان لە حکومەتەکەیان بوێت؟! ئەوەتا تا سەرئێسقان ئازادیان هەیە: بەسەرخۆشی بە جادەکانا دەسورێنەوەو بە هەوەسی خۆیان جنێو بە پۆلیس و حکومەت دەدەن, شوشە دەشکێنن و هۆیها دەکەن و وێنەو ریکلامەکانی هەڵبژاردن و پاڵێوراوان دەدرێنن , کەسیش پێیان ناڵێت بۆ وادەکەن, هەرنەبێت لەبەر پیس کردنی شارەکە. بەخۆمم گوت: خۆ ئەمانە کارەباشیان فولە وچرکەیەکیش نابرێت,گرفتی بەنزین و نەوتیشیان نیە,گواستنەوەو هاتوچۆشیان لە باشیو رێکوپێکیا هەرباس ناکرێت, نە ئیزدیحام و نە هۆرن و نە فاك وفیك و سوکایەتیەکانی پۆلیسی هاتوچۆش . ئاو وهەواو سروستیشیان نایابترین و ئەفسوناویترین ئاو وهەواو سروشتە, ئیدی بۆ وا دەکەن؟! دوایی بیرم کردەوە گوتم رەنگە گرفتی زانکۆو خوێندنیان هەبێت, بەلاٚم بیرم کەوتەوە کە دیموکراسیترین و پێشکەوتوترین سیستەمی خوێندن سیستەمی ولاٚتەکەی ئەوان و ولاٚتانی دیکەی ئەوروپایە. باشترین مامۆستاو پرۆفیسۆر وزانا وانەو موحازەراتیان پێدەڵێتەوە, کۆلیژو پەیمانگاو تاقیگەو کتێبخانەو هۆیەکانی دیکەی خوێندنیان لەوپەری پێشکەوتندایە, ئەوەندەی ئاگاشم لێبێت بە هەوەسی خۆیان موناقەشە لەگەڵ مامۆستاو پرۆفیسۆرەکانیان دەکەن و ئەوانیش بەوپەری سنگفراوانایی و تەوازوعەوە وەلاٚمیان دەدەنەوەو .

مامەڵە کردنیان وەك مامەڵەی هاورێیەکی دڵسۆزە, نەکەس دەریان دەکاتە دەرەوەو نەکەس لەسەر غیابات فەسلیان دەکات و نەکەس لەسەر ئینتیمای سیاسی یان لەسەر بیروبۆچونێکی تایبەت لەلایەن مامۆستاکانی زانکۆوە سوکایەتی پێدەکرێت و نەکەسیش بەهیچ جۆرێك غەدری لێدەکرێت, قبول خاس و واستەو کاغەزو نامەو هەرەشەی لق و مەڵبەند و ئەو شتانەشیان نیە, لەنێو زانکۆشدا بەهەوەسی خۆیان جلوبەرگ ئەکەنە بەریان و بە زەوقی خۆیان ماکیاج و تەسریحەی قژ بەکاردێنن و بە دڵی خۆیان لەگەڵ هاورێ کچەکانیان دادەنیشن و بگرە لەباوەشیشیان دەگرن بیٚ ئەوەی کەس پێیان بڵێت لۆتی یان بەرەلاٚ و بیٚ ئەوەی لە مزگەوت و مەجلیسەکاندا فەتوایان لەسەر دەرکەن و کوشتنیان حەلاٚل بکەن. بێگومانیشم سەرۆکی زانکۆ و سەرۆك بەشی کۆلێژ و دائیرەکانیشیان سەر بە رژێمێکی دیکتاتۆری وەك ئەوەی بەعس نەبوونە تا میزاجیان تێك بدات. بۆ تەعین بوونیش کەس داوای تەزکیەی حیزب ولق وکۆمیتەکانیان لێناکات. هەرکاتێکیش بیانەوێت و بۆکویٚ حەز بکەن دەتوانن سەفەر بکەن, بیٚ ئەوەی لە بازگەو گەراج و فرۆکەخانەو سنورەکاندا کەس سوکایەتیان پێبکات یان



www.dengekan.com

بیانگەڕێنێتـەوەو پێیـان بڵێـت ئێـوە گومـانلێکراون. بـۆ مەسـەلەی ئازادیـە تاکەکەسـیەکانی وەك سـێکس و خواردنـەوەو ئـایین وئینتیمـای سیاسیو...هتد, تا ئەوپەڕیی ئازادی ئازادن و بەهەوەسی خۆیان دەژین.

گەنجێك ئەمە ژیان وگوزەرانی بێت, تۆ بڵێی چ داوایەکی سیاسی لـە حکومـەت هـەبێت و, چ شـتێك نیگـەرانی کردبێـت تـا ئـاوا تـوڕەو نـارەزا بێت و کار بگاتە ئەو ئاستەی بەسەرخۆشی بە جادەکانا بسوڕێتەوە, وێنەی پاڵێوراوە سیاسیەکان بدڕێنیٚ و هۆیها لـە پـۆلیس و حکومـەت بکـات. ئـەم بیرکردنەوەیـەم زۆر خێـرا گوزەری دەکـرد' سـەیری بۆردی چاوەڕوانیی وێستگەکەم کـرد نوسـرا بـوو پاسـی ژمـارە 21 دوای 5 دەقیقەی تر دەگات, ئەمە ئەو پاسە بـوو کـە مـن پێـی دەگەرامـەوە شوقەکەم. گـوتم باشـە بـابزانم لـەو پێـنج دەقیقەیـە چـی روو دەدات. دوای کـەمێك, دەسـتەیەك کوڕوکچی دیکـە هـاتن کۆمـەڵێك ئـاڵاو دروشمیـان هـەڵگرتبوو مـن هیـچی لیٚ تێنەدەگەیـشتم چـونکە بـە زمـانی ئـەلمانی نوسرابوو. هەرکە گەیشتنە لای پیاوانی پـۆلیس وئاسـایش دەسـتیان کـرد بـە هـاوار و هۆیهـاکردن, پاشـان یـەکێك لـە گەنجـەکان لـە بـەردەم ریزی پۆلیس وپیاوانی ئاسایش شوشـەیەکی بـەتاڵی بیرەی کێشا بەعـەرزاو,تێکڕا گەنجـەکانی دی چـەپڵەیان بـۆ لێداو هـاوار وهۆیهـا ئـەو ناوەی پڕکرد. لەدڵی خۆمدا گوتم: بـەخوا ئـەمجارە ئەگـەر ئـەم پۆلیسانە خۆیشیان بەنـدەکانی مـافی مرۆڤیـان نوسـیبێتەوەو چـەندیش بـە ویـژدان بـن تەحـەمول ناکـەن و وەزعەکـە دەتەقێتـەوە. بـەلاٚم بەپێچەوانەی چاوەڕوانیەکانی (مـن)ی (کـوردی تۆقیـو لـە پـۆلیس وئاسـاییش) کەس هیچی نەگوت و,چەند کەسێك بە جلوبەرگێکی تایبەتی زەردەوە هاتن جادەکەیان لە ووردە شوشە پاك کردەوە. کە ئەمەم بینـی گـوتم: نا, دیارە حکومەت بڕیارێکی زۆر توندی درەهەق بەو گەنجانە دەرکردووە بۆیە ناوێریٚ زیاتر توڕەیان بکات, ئیدی ئاوا تەحەمولی توڕەبوون وسیوکایەتیپێکردنەکانیان دەگرێت و هیچیان پێناڵێت.

ئەم هەموو پرسیارو ئەو هەموو لێکدانەوەیەم بەپەلە لەمێشکی خۆمدا دەکردو سەیری وەزعەکەشم دەکرد بزانم چی بەسـەر دێـت. کـوڕێکی قژرەش بەتەنیشتمەوە وەستابوو, وەك خـۆم چاوەڕوانی پاسـی دەکـرد, بـەلاٚم وێدەچـوو ئـەو وەك مـن بارودۆخەکـەی بـەلاوە سـەیرو گـرنگ نەبێت, بڕیارمدا لێیبپرسم بزانم ئەم فەوزاو هەرایە چیە. لێی چوومە پێشەوەو دوای چاك وچۆنی بەزمانی ئینگلیزی لێمپرسـی ئـەم هەرایـە چیە؟ باش بوو زمانی ئینگلیزی دەزانـی, گـوتی: دیسان یاریەکەیـە. لـەدڵی خۆمـا گـوتم نـەکا هەڵبـژادن وبڕیـارە سیاسـیەکان لای ئـەمانیش یاریەك بێت و, وەك خۆمان پێشوەختە کورسی وریٚژەکان دیاری کرابێت, ئیدی خـەڵك بـۆ راگەیانـدن ورای گشـتی بچنـە سـەر سندوقەکانی دەنگدان, پاشانیش حیزبە دەسـەلاٚتدارەکان کورسیەکان بەسـەر خۆیـان دابـەش بکـەن . بەزمەکـە نەچـوە عەقڵمـەوە بۆیـە جارێکـی دی لـێم پرسیەوە: کام یاری؟ ئەویش گوتی یاری تۆپ تۆپێنەکە. دڵنیا بووم لەوەی کە بەهەڵە لێم تێگەیشتووە. بۆیە پێم گوت : من مەبەستم ئەم هەراو هاوار وتوڕەبوونەی ئەم گەنجانەیە. گوتی: بەڵیٚ منیش مەبەستم ئەوانە, یاریەکەیە دیسان, ئەمشەو یـاری تـۆپێن(فوتبـۆڵ) هـەبوو لـە ستادیۆم لەوانەیە تیپەکەیان دۆڕاندبێتی یان ئەنجامێکی هێنابێت کە بەدڵی جەماوەرەکەی نیە, بۆیـە رژاونەتـە سـەر جادەو ئـەم بەزمـەیان دروست کردووە. منیش گوتم ئەی پـۆلیس بـۆ لێرەیـە؟ گـوتی: نـەوەك جـەماوەری دوو تیپەکـە ببێتـە شـەڕیان یـان بەسەرخۆشـی تەعـەدا لـە کەسێك بکەن. گوتم ئەی چۆن هیچیان لێناکەن ئەوان ئەو هەموو هۆیهاو هاوارەیان بۆ دەکەن و ئەو هەموو بوتڵ وشوشەیە دەشکێنن؟ گوتی لەوە دەچیٚ جەنابت تازە هاتبیتە ئەوروپا, لێرە ئەو شتانە ئاساییە وپـۆلیس ناتوانێت لەسـەر هۆیهـاو بوتـڵ شـکاندن و وێنـە دڕانـدن کـەس دەسگیر بکات, بەتایبەتیش لەکاتی خۆپیشاندانی گەنجان ودوای یاری وکۆبوونەوە جەماوەرەریەکان.!!

پاسەکەم گەیشت , سوپاسی کابرام کرد بۆ ئەو زانیاریانـەو سـواری پاسـەکە بـووم. لـە نـاو پاسـەکە خـەیاڵ بردمیـەوەو بەزمەکـەو قسـەکانی کـابرای قژڕەشـم هێنایـەوە یـادم وبیـرم لـە وەزعەکـە کـردەوەو بـەخۆم نـەبوو دڵـم پربـوو, خەفـەتێکی قـوڵ دایگـرتم. کۆمەڵـە گـەنجێك تـەنها لەبەرئەوەی تیپەکەیان لەیاریەکی تۆپ تۆپێندا دۆڕاندوویەتی, بەسەرخۆشیو بەتوڕەیی بەناو جادەکانا دەسوڕێنەوەو شـەڕ بـە دارو بـەرد وپۆلیس و حکومەت دەفرۆشـن وهۆیهـا لـە ئاسـاییش دەکـەن, کەچی لەبەرامبـەردا پـۆلیس وپیـاوانی ئاسـاییش یـەك زەڕە ئەزیـەتیان نـادەن وهاوارناکـەن بەسـەریانا وقۆڵبەسـتیان ناکـەن و نایانبـەن بـۆ بەندیخانـەکان, کەسـیش بـەوە تاوانباریـان ناکـات کـە ئەمانـە فـەوزەوی وگێرەشـێوێنن ودەسـتیان لەپـشتەو دژی حکومـەتن وولاٚت تێکـدەدەن و لـەم بارودۆخـە ناسـکەدا( کـە چـوار رۆژی مـاوە بـۆ هەڵبژاردنـە سیاسیەکانی نەمسا) دەیانەوێت ئاژاوە بنێنەوەو وەزعەکە ئاڵۆز بکەن



www.dengekan.com

ئەم وەزعەی ئێرەم بەراورد کرد لەگەڵ ئەوەی لای خۆمان وتووشی ڕەشبینی وبێئومێدیەکی سەیر هاتم. بیرم کردەوە کە گەنجانی ئێمە بەو وەزعە خراپەی کە تیایدان لە کەمی خزمەتگوزاریو نەبوونی کارەبا وئاو وسووتەمەنیو هاوینەهەوارو جیٚی رابواردن وئیسراحەتی وەك ئەوەی ئەوروپاو, نەبوونی ئازادی سیاسی وئایینی و سێکسیو, دڵرەقی مامۆستاکانی زانکۆو پەیمانگاکان و باوك وسەرکردەکان و, تاکڕەهەندیی سیاسیو ئیمتیازاتی حیزبی وخێڵگەراییو, چەندین لایەنی دیکەی ناعەدالەتیو گەندەڵیی لە ژیانی ئیداریو کۆمەڵایەتیدا, کەچی بەو هەموو نا هەمواریە, هێشتا ئەوان رازیو ئاساییش و حکومەت نارازی. گەنجی ئەوروپا تیپەکەی لەیاری تۆپێن ئەدۆڕێنیٚ دێت لە رکانا جنێو بە ئاساییش و حکومەت دەدا, حکومەت و پۆلیسیش پارێزگاری لێدەکەن.

گەنجی ئێمە دێتە سەرجادە داوای گۆڕینی مامۆستا بەعسیەکان وگۆڕینی سیستەمی کۆن و تۆزلەسەرنیشتووی خوێندن ومامەڵەی مامۆستا دڵرەقەکان دەکەن لەنێو زانکۆدا, داوای باشتر بوونی کارەبا و ئاو و سوتەمەنی دەکات,داوای قیرتاوکردنی جادەو کۆڵانەکان دەکات, داوای نەهێشتنی گەندەڵیی ودزیو بەرەڵایی دەکات,کەچی لەبەرامبەردا پیاوانی ئاساییش وپێشمەرگە قارەمانەکانی حیزب تەقەیان لێدەکەن وگرتووخانەکانیان لیٚ پڕدەکەن. کادیرو بەرپرسە حیزبیەکانیش دیعایەی ئەوەیان بەدوادا دەکەن کە گوایە ویستوویانە ئاساییشی شار تێك بدەن و,بەوە تاوانباریان دەکەن کە دەستی دوژمنانیان لەپشتەو دونیایەك رستەی دیکەی بێسەروبەرو بێبنەما کە تەنها لە فەرهەنگی حیزبە سیاسیەکانی ئێمە باوی ماوە. پۆلیسی ئەوروپا پارێزگاری لەو گەنجە خوێنگەرمانە دەکات کە تورەن ولەلەحزەیەك لە لەحزەکان تورەیی خۆیان بەرووی حکومەت وئاساییش وسیاسەت دەتەقێننەوە, پۆلیس وئاساییشی کوردیش گرتوخانەکان لەو گەنجانە پڕدەکات کە داوای نەمانی گەندەڵیو ناعەدالەتی دەکەن. پۆلیسی ئەوروپا ڕێگە پیشانی ئەوگەنجە سەرخۆشانە ئەدات کە بەدەم جنێودان وبۆڵەبۆڵەوە درەنگی شەو بەجادەکانا دەسوڕێنەوە,لەوانەیە دەستیشیان بگرێت یان بەسەیارەکەی خۆیان بیانگەیەننەوە ماڵ, پۆلیس وئاساییشی لای خۆشمان خوانەکات سەرخۆشێك بدۆزنەوە ئەگەرنا بەشەق دەیبەن بۆ بەندیخانە, لەڕێگاش دونیایەك سوکایەتی پێدەکەن .

ئاساییش وحکومەتی ئێرە پارێزگاری وپاڵپشتی لەو کوڕوکچە عاشقانە دەکات کە لە پارك و گازینۆکاندا دەست لەناو دەست ودەم لەناودەم دانیشتوون وخەریکی خۆشەویستیین, پۆلیس وئاساییشی ئێمەش کۆڵان بەکۆڵان وباخچە بە باخچە بەشوێن کوڕو کچە عاشق وچەپێندراوەکانی خۆمان دەگەڕێت بۆئەوەی بیانخاتە بەردەم دونیایەك پرسیارو هەڕەشەوە وەك ئەوەی گەورەترین و درێوترین تاوانیان ئەنجام دابێت. پۆلیسی ئەوروپا لەبەردەم دائیرەو نەخۆشخانەو شوێنە رەسمیەکانی حکومەتدا وەکو رێبەرو رێنیشاندەرو یاریدەدەرێکی بە رەحم مامەڵە لەگەڵ هاولاٚتیان دەکەن و کارئاسانیان بۆ دەکەن وبەمانای ووشە جێی ئاساییش وئیسراحەتی خەڵکن, پۆلیس و ئاساییشی ئێمەش لەزۆربەی کاتدا لە پرسگەو خاڵەکانی پشکنین وشوێنە رەسمیەکاندا سوکایەتی بەخەڵك دەکەن وئیشوکارەکان ئاڵۆز دەکەن و هەمیشە بەگومانەوە دەڕواننە هاولاٚتیان و بەردەوام جێی ترس ودڵەراوکێی خەڵکن.پۆلیس وئاساییشی ئەوروپا ئەو شەیتان و زندیق و دڵرەق و بەرەڵاو بێرەحمانەن کە بەردەوام پیاوە ئاییزیو سیاسیەکانی ئێمە لە مزگەوت و مەجلیس و دەزگاکانی راگەیاندن باسیان دەکەن و, سیستەمەکەشی ئەو سیستەمە بەڕەڵاو نائەخلاقیەیە کە بەردەوام لای خۆمان رەخنەی لێدەگرن و دەڵێن لە ئەوروپا رەحم و بەزەیی و شەرەف نەماوە. ئاساییش و پۆلیسی لای خۆشمان ئەو فریشتەو جوامێر وپیاوە بەرەحم وبەهەڵوێستانەن کە بەردەوام راگەیاندنی کوردی لە ستاییشیاندایەو, ئەگەر کەسێك رەخنەیان لێبگرێت ئەوا دڵی ناسکی بەرپرسە حیزبیەکان دەشکێنێت. کاتێکیش باسی دیموکراسی بکرێت ئەوا یەکسەر پێماندەڵێن ( کوردستان نمونەی دیموکراسیەتە لە رۆژهەلاٚتی ناوەڕاست). چۆن و بەپێی کام پێوەر, کەس نازانێت.

ئەمەیە سیستەمی ئەوروپاو ژیانی گەنج وهاولاٚتی لە ئەوروپا , ئەوەیش سیستەمی رۆژهەلاٚت وژیانی گەنجی کورد لە کوردستان لەنێو ئەو هەموو گەندەڵیو سوکایەتیپێکردن و ناعەدالەتیەدا. کەچی کاتێك گەنجێك بیەوێت نیشتیمان بەجیٚبهێڵێت ئەوا یەکسەر بە بێهەڵوێست و دۆڕاو ناوی دەبەن و, کاتێك باس دێتە سەر ئەورپا وکۆچ بەرپرسە بەڕێزەکانمان یەکسەر دەفەرموون: ئێمە نازانین گەنجی کورد لەچی کەمەو بۆچی کوردستان بەجێدەهێڵێت و دەڕوات خزمەتی پیرێژن و پیرەمێردی بیانی دەکات.!! لەلایەکی دیکەش بەردەوام وەکو کابوس بەعس و رژێمە نەگریسەکەیمان وەبیر دێننەوە دەڵێن: گەنجی کورد قیمەت وبەهای ئەم ئازادیە نازانێت, باش نیە بەعس نەماوەو کەس



www.dengekan.com

بەزۆر جلوبەرگی عەسکەریان ناکاتە بەرو رەوانەی سەنگەرەکانی جەنگیان ناکات؟!!ئەمانە ئەو رستانەن کە بەردەوام لەکۆڕوکۆبوونەوەو دەزگاکانی راگەیاندندا دەیانبیستین و وەکو کۆت بە ئەستومانەوەیە.

ئێمەش دەڵێین, راستە ئێمە سەردەمانێکی زۆر بەدەست بەعس وپیاوانیەوە دەردەسەری ومالۆیرانیمان بینیوەو ئەم ئازادیە دەسکەوتێکی گرنگە بۆ گەلی کورد, راستە جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێوان رژێمی بەعس و ئەو سیستەمی حوکمڕانەی کە لەکوردستان هەیە,هەروەها راستیشە شام شەکرەو ولآت شیرینتر, بەلآم هەموو ئەمانە بەو مانایە نین لەدونیایەك گەندەڵی وناعەدالەتی بێدەنگ بین کە مافی گەنج وسەرجەم هاولآتیانی تیا پێشێل دەکرێت و خزمەتی بەرژەوەندیەکانی چەند کەس وگروپێك دەکات.نەمانی بەعس وعەسکەرتاریەتی بەعس بەو مانایە نیە ئیدی گەنج ملکەچی سەرجەم بڕیارو پێشنیارە باش وخراپەکانی دەسەلآتی کوردی بێت و تەحەمولی سەرجەم ناشیرینیەکانیان بکات و بەرگەی سوکایەتی پێکردن و ئیهانەکردنەکانی پیاوانی پۆلیس و ئاسایش بگرێت و, تا دەسەلآت بڕیار ئەفەرموێت قسە نەکات و بێدەنگ بێت. ئەم داوایەی دەسەلآت ئەگەر وا بڕوات دواجار بە مانایەك لە ماناکان دەمانباتەوە سەر هەمان داواکانی بەعس و سیستەمی حوکمڕانێتیەکەی کە دەیەویست گەنج قسە نەکات و رەخنە نەگرێت و, هەمیشە لەژێر چاودێری و هەڕەشەی پیاوانی ئەمن وئاسایش دابێت.

گومانی بەردەوامی حکومەت و ئاسایش لە هاولآتیان و لەو گەنجانەی رەخنە دەرگرن و خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن, بەهەر پاساو وبیانویەك بێت, گومانێکی بێبنەماو داپلوسێنەرانەیە, گومانێکە چەند ئاسایش و حکومەت لەدیدی گەنج و میللەت ناشیرین دەکات, ئەوەندەش متمانەو باوەڕی گەنج بە حکومەت ودەسەلآت لاواز دەکات و, سایکۆلۆژیاو یادەوەری نەتەوەییشمان بەتاڵدەکاتەوە لە ماناکانی نیشتیمانپەروەریو ئەمەك وقوربانی .



www.dengekan.com